## کانی کاوه

### یاریزانی تۆپی دەستی یانەی کۆیە:

# نەبوونی بودجە و کەمیی یاریزانی کچ گرفتی گەورەی یاریی تۆپی دەستە




*** هاتنت بۆ نێو دنیای وەرزش پێشوەختە نەخشەت بۆ دارِشتبوو، یان هەر بە رێکەوت رووت لەم جیهانە کرد؟**

- هەر لە منداڵییەوە حەزی وەرزشم هەبووە، لە قۆناخی سەرەتایی و ناوەندیدا لەقوتابخانە بەشداریی هەموو چالاکییە وەرزشییەکانی قوتابخانەکەم کردووە، لە بەر ئەوەش بوو کە لە دوای دەرچوونم لە پۆلی سێی ناوەندی رووم لە پەیمانگای وەرزش کرد، ئیستاش قوتابیی زانکۆم .

*** بۆچی لە ناو هەموو یارییە وەرزشییەکاندا سەرنجت بۆ یاریی تۆپی دەستی هەبوو؟**

- من سەرەتا بۆ ماوەی چوار ساڵ یاریزانی تۆپی بالە بووم، بەڵام حەزم بۆ تۆپی دەست زیاتر بوو، بەتایبەت لە ساڵی ٢٠١٢تاکو ئێستا یاریی تۆپی دەستم لە هەموو یارییەکانی دیکە پێ خۆشترە.

*** وەکو یاریزان ئاستی یاریی تۆپی دەست لە شاری کۆیە لەچ ئاستێکدایە؟**

- لە ئاستێکی زۆر لاوازدایە، بەهیوام دووبارە لە شارەکەم پەرە بە تۆپی دەست بدرێتەوە، بە تایبەتی تۆپی دەستیی کچان.

*** ئەی لەسەر ئاستی کوردستان چۆنی دەبینی؟**

- بە گشتی لە سەر ئاستی کوردستان بە شێوەیەکی باشی نابینم، بەهیوای ئەوەم زیاتر گرنگی و پەرەی پێ بدرێت و خول و پاڵەوانێتیی زیاتر بۆ یانەکان لە شارەکانی کوردستان بکرێتەوە.

*** لە یەک کاتدا دوو ئەرک بەڕێوەدەبەی، هەم یاریزان هەم ڕاهێنەر، لەکامەیان سەرکەوتووتری؟**

- هیچ شتێك بەبێ هەوڵ و ماندووبوون نابێ، بەڵام گرینگ ئەوەیە کۆڵ نەدەی تاکو دەگەی بەوەی کە مەبەستتە، ماوەی ساڵێکە دەستم کردووە بە ڕاهێنەرایەتی لە فیتنس، ئێستا خاوەن پەیجێکی پوپلیکم لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئەنستگرام کە تایبەتە بە خواردنی تەندروست و ڕێنمایی کێش دابەزین و سەرخستن.

*** بۆ ئەوەی یاریی تۆپی دەستی لە کوردستان پێش بکەوێت، چی بکرێت باشە؟**

- دابینکردنی بودجە، ئینجا زیادکردنی خول و پاڵەوانێتی، چونکە بە گشتی دواکەوتنی وەرزش و یانەکان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بودجە.

*** گرفتی ئێوە لە یانەی کۆیە لە چیدا دەبینی؟**

- نەبوونی هیچ بودجەیەك بۆ تۆپی دەست و کەمیی یاریزان گرفتی گەورەی ئێمەن، بۆیە نەمانتوانیوە تا ئێستا بەردەوام بین.

*** وەکو کچە یاریزانێك خەونی وەرزشیت چییە و ئامانجت لە وەرزشکردن چییە؟**

- ئامانجم ئەوەیە کە بگەم بەو پلە و ئاستەی کە خۆم دەمەوێت، تا خزمەتی وەرزش لە شارەکەم بکەم و بگەم بە ئاستی یاریزانە جیهانییەکان.

*** لەم یارییە بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامی؟**

- لوران فان یاریزانی هۆڵەندی.

*** کاتت چۆن بۆ وەرزش داناوە؟**

- من زۆرترین کاتم بۆ وەرزشە، ئەو ڕۆژانەی ناتوانم بچم بۆ وەرزش هەوڵدەدەم لە ماڵەوە مەشق بکەم، توانیومە هەندێك پێداویستییەکان لە ماڵەوە دابین بکەم.

*** چیت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- سوپاس بۆ خانەوادەکەم هەمیشە پاڵپشتم بوون و بەهیوای ئەوەم نموونەیان زۆر بێت، بە هەموو وەرزشدۆستان دەڵێم هەگیز دەست لە خەونەکانتان هەڵمەگرن تا ئەو ڕۆژەی خەونەکانتان دەکەنە ڕاستی، سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتە زۆرەی بۆ وەرزشکاران.



**تیپی تۆپی دەستیی یانەی کۆیە یەکێکە لەو تیپانەی کە لە سنووری پارێزگای هەولێر گرنگی بە یارییەکانی کچان دەدات، یانەکەش بە ئامانجی پێشخستنی ئاستی یاریی تۆپی دەستی لە دەڤەری قەزای کۆیە، تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی بەتوانای لە یانەکە کۆکردۆتەوە، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەم کچە یاریزانانە لە خولی تۆپی دەستی نایابی کوردستان کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە بکات، کانی کاوە یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە و لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٣ی قەزای کۆیەیە و قوتابی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە لە زانکۆی کۆیە، تائێستا تەنیا لە یانەی کۆیە یاری کردوە، جگە لە یاریی تۆپی دەست لە هۆڵە وەرزشییەکان ڕاهێنەری لەشجوانیی ئافرەتانیشە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

دیمانە: کارزان کانەبی

# یانەی هەولێر گۆڕانکارییەکی تەواو لە تیپی تۆپی پێ دەکات

**یانەی هەولێر بەمەبەستی بەشداریکردن لە خولی نایابی عێراق بۆ تۆپی پێی بۆ وەرزی (٢٠١٩-٢٠٢٠) دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر هەوڵیدا ئەم وەرزە بەشێوازێکی جیاواز لە وەرزی رابردوو خۆی ئامادە بکات، بۆیە گۆڕانکارییەکی تەواو لە پێکهاتەکەی کردووە.**

ئا: رێبین رەمزی

**دەستەی راهێنەران**

دەستەی کارگێڕیی یانەی هەولێر گرێبەستی دەستەی راهێنەرانی یانەکەی نوێکردەوە، پێکهاتووە لە (ئەکرەم سەلمان) راهێنەر و (دکتور تەها قادر) و (حەیدەر مەحمود) یاریدەدەری راهێنەر و (کاوە ئیبراهیم) راهێنەری گۆڵپاریز.

جێگەی باسە لە وەرزی رابردوو ئەکرەم سەلمان لە کۆتا یارییەکان بووە راهێنەر و توانی ئەنجامی باش بەدەست بهێنێت و خاوەنی یەکەم نازناوی خولی عێراقە لە وەرزی (٢٠٠٦-٢٠٠٧) بۆ یانەی هەولێر.

**نوێکردنەوی گرێبەست**

بەفەرمی یانەی هەولێر لەسەر راسپاردەی دەستەی راهێنەران گرێبەستی (١٥) یاریزانی وەرزی رابردووی نوێکردووە، کە پێکهاتووە لە گۆڵپارێزان (رێباز عەبدوڵڵا، دلێر حاتەم، عەبدوڵڵا حەمەد، ئەحمەد رێبوار) و یاریزانان (هەردی سیامەند، نیاز محەمەد، عەلی حوسێن، کامەران خالید، کۆسرەت بایز، بارزان شێرزاد، حەیدەر قارەمان(شوان مامۆ)، وریا کامەران، ئاسۆ رۆستەم، دانا عوسمان، تاڵیب رەقیب).

**یاریزانی پیشەگەر**

بەفەرمی یانەی هەولێر گرێبەستی لەگەڵ چوار یاریزانی پیشەگەر مۆرکردووە، کە بتوانن لەم وەرزە خزمەتی یانەکە بکەن.

١-کریستۆفەر میندۆنگا (کامیرۆن)

ئەم یاریزانە لە هێڵی هێرشبەر یاری دەکات و پێشتر لە یانەکانی (ئەلتائی سعودی، ئیسماعیلی میسری) یاریکردووە، هەروەها یاری لە خولەکانی (جەزائیر، تونس) کردووە.

٢- تیجانی بلعید (تونس)

ئەم یاریزانە لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکات و پێشتر لە ریزی یانە گەورەکانی ئەورووپا و ئەفریقیا یاریکردووە وەکو (ئەنتەر میلانی ئیتاڵی، ئایندهۆڤنی هۆڵەندی، سلاڤیا براگ چیک، هاڵ سیتی ئینگلیزی، ئەپوێل نیقۆسیا قوبرسی، یۆنیان بەرلین ئەڵمانی) و هەروەها یاری لە خولەکانی (بولگاریا، پۆڵەندە، پورتوگال، یۆنان) کردووە و (١٩) یاریی نێودەوڵەتی لەگەڵ هەڵبژاردەی تونس کردووە.

٣-الان کارتریگا (ئۆگەندە)

ئەم یاریزانە لە هێڵی ناوەڕاست (باڵی چەپ) یاری دەکات و یاریزانی هەڵبژاردەی ئۆگەندەیە و یاری لە خولەکانی (کینیا، ئۆگەندە، باشووری ئەفریقیا) کردووە.

جێگەی باسە یانەی هەولێر گرێبەستی یاریزانی پیشەگەری گانا ئیبراهیم مۆرۆ هەڵوەشاندەوە، دوای ئەوەی لە پشکینەکانی تەندروستی نەخۆشی ڤایرۆسی گەدەی هەبوو، کە نەخۆشییەکی مەترسیدارە.

**گرێبەستی نوێ**





بۆ ئەم وەرزە یانەی هەولێر گرێبەستی لەگەڵ (٤) یاریزانی نوێ مۆرکردووە، کە بەمشێوەیەیە:

١- حوسێن عەبدولواحید: لە هێڵیێ ناوەڕاست لە باڵەکان یاری دەکات و یاریزانی یانەکانی (شورتە، زاخۆ، مینا، تەڵەبە) بووە.



٢- تەقی فەلاح: لە هێڵی بەرگری باڵی چەپ یاری دەکات و لە ریزی یانەکانی (ئەلحوسێن، سەناعە، سەناعات ئەلکهربائیە) یاریکردووە و یاریزانی هەڵبژاردەی تازەپێگەیشتووانی عێراق بووە.

٣- عزەدین عەبدولرەزاق: لە هێڵی بەرگری و ناوەڕاست لە باڵی راست یاری دەکات و پێشتر لە خولی قوبرس یاریکردووە.



٤- سامر سەلمان: لە هێڵی بەرگری باڵی راست یاری دەکات و پێشتر لە یانەکانی (سلێمانی، کارەبا، نەفت) یاریکردووە و یاریزانی هەردوو هەڵبژاردەی (تازەپێگەیشتووان، لاوانی) عێراق بووە.

**دەستبەرداربوون**

دوای تەواوبوونی وەرزی رابردوو، یانەی هەولێر بەفەرمی دەستبەرداربوونی خۆی دا، بەشێک لە یاریزانەکان و بەشێکی تریش لەسەر راسپاردەی راهێنەر لە تیپەکە نەمان، هەروەها بەشێکی تریش وازهێنانی خۆیان بەفەرمی راگەیاند.



کۆی گشتی یاریزانەکان، کە لە وەرزی رابردوو لە یانەی هەولێر نەماون (١٤) یاریزانە.

١-سەرهەنگ موحسین

٢-دیدار حامد: بەیەکجاری وازهێنانی خۆی راگەیاند بووە راهێنەری گۆڵپارێزی تیپی دووەمی یانەکە

٣-وەلید بەحر



٤- ئەحمەد خالید پەیوەندی بە یانەی مینا کرد

٥-عومەر عەدنان پەیوەندی بە یانەی مینا کرد

٦-ئەحمەد سەرتیپ پەیوەندی بە یانەی نەفت کرد

٧- محەمەد خالید جفال پەیوەندی یانەی تەڵەبە کرد

٨- ئەحمەد عەلی پەیوەندی بە یانەی دیوانیە کرد

٩-تیاگۆ پەیوەندی بە خولی لوبنان کرد

١٠- مارسیال چووە خولی هیندی

١١-عەلا شبلی چووە خولی قەتەری

١٢- میران خەسرەو چووە خولی شانشینی عومان

١٣- نەوزاد عەبدولحەمید



١٤- دیار عەلی پەیوەندی بە یانەی نەورۆز کرد.

چاوەڕوان دەکرێت لە چەند رۆژی داهاتوودا یانەی هەولێر چەند گرێبەستێکی تر مۆربکات.

وا بریارە لە سبەی خولی نایابی عێراق دەست پێ دەکات و یانەی هەولێر لە یەکەم یاریی خۆیدا رووبەڕووی یانەی نەفتی جنوب دەبێتەوە.

# دهۆک چاوی لە ئەنجامی گەورەیە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی دهۆک ئەمساڵ دەیەوێت لە هەردوو خولی نایابی یانەکانی کوردستان و خولی پلە یەکی عێراقی بە شێوەیەکی تۆکمەتر و بەهێزتر دەرکەوێت، کارگێڕیی یانەی وەرزشیی دهۆک ئەمساڵ دەستکراوەتر بووە لە هێنانی یاریزانان و گرنگیدانی زیاتر بە تیپی تۆپی پێی یانەکە، کارگێڕیی یانەی وەرزشیی دهۆک بۆ سەرپەرشتیکردنی هەردوو خولی نایابی کوردستان و پلە یەکی عێراقی، گرێبەستی لەگەڵ حازم ساڵح راهێنەری عەرەب مۆرکردوە، بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی مەشقی یانەکە بکات و ئاشتی مستەفاش وەکو یاریدەدەری راهێنەری یانەکە بەردەوام دەبێت، یانەی دهۆک ئەمساڵ کۆمەڵێک گرێبەستی لەگەڵ ژمارەیەك لە یاریزانانی بەتوانای ناو شاری دهۆك و دەرەوەی دهۆك کردوە، بۆ ئەوەی ئەمساڵ بتوانن لە خولی نایابی کوردستان کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە بکەن و لەخولی پلە یەکیش یانەکە چاوی لە گەڕانەوەیە بۆ خولی نایابی عێراقی، یانەی دهۆك ئەمساڵ بە شێوەیەکی تۆکمە دەستی بە ئامادەکارییەکان کردووە و دەیەوێت لە خولە گەورەکەی کوردستان ژمارەیەکی گەورە بێت.



## راهێنەرانی فێرگەی کچ

تیپی تۆپی پێی فێرگەی کچانی سەربەخۆی رانیە لە ساڵی ٢٠١٢ لە شاری رانیەی دەروازەی راپەڕین دامەزراوە، ئەم فێرگەیە تیپی تۆپی پێی کچانیشی دامەزراندووە، لەم تیپە کۆمەڵێك راهێنەری خۆبەخش کاردەکەن بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی وەرزش و ناوی شارەکەیان، ماوەی هەشت ساڵە بەردەوام لە خزمەتی وەرزشی شارەکەیاندان، بە ئامانجی دروستکردن و پێگەیاندنی چەندین یاریزانی بەتوانا، لەبارەی بەرنامە و کار و چالاکییەکانیان مامۆستا شاناز عەلی راهێنەری خۆبەخش لەتیپی فێرگەی کچانی سەربەخۆی رانیە

## یانەی هەولێر راهێنەرێکی ع

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە وەرزی نوێ خولی نایابی یانەکانی کوردستان، کە بڕیارە یارییەکانی لە مانگی داهاتوو بە بەشداریی (١٣) یانەی شارەکانی کوردستان دەست پێ دەکات، دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێر بەفەرمی دەستەی راهێنەرانی خولی نایابی یانەکانی کوردستانی دیاری کرد، کە پێکهاتووە لە هەریەك لە راهێنەران (ئەحمەد ناجد یاریزانی پێشووی یانەی شورتە و هەڵبژاردەی عێراق، ئەحمەدشوکر یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر، دیدار حامد-یش وەکو راهێنەری گۆڵپارێز)، کە پێشتر گۆڵپارێز





## ـانی سەربەخۆی رانیە خۆبەخشن

بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم فێرگەیەی کچانی سەربەخۆی رانیە ماوەی هەشت ساڵە دامەزراوە، بەرەو هەڵکردنی مۆمی نۆیەمینساڵیاد دەڕۆین، ئامانجیشمان خزمەتکردنی وەرزشی کوردستان و شاری رانیەیە، وەکو فێرگەش سەر بەهیچ رێکخراو و یانەیەك نین، بەڵام بەردەوام کاروچالاکیمان هەیە»، گوتیشی: «دیارە ئێمە زیاتر لە یانەکان کێشەو کەموکورتیمان هەیە، چونکە هیچ سەرچاوەیەکی داراییمان نییە و کارەکەی ئێمە خۆشبەخشییە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانەش هەوڵمان داوە شوێن دەستمان دیار بێت، لە ئێستاشدا لەلایەن چەند یانەیەکەوە داوامان لێکراوە کە پەیوەندییان پێوە بکەین و بۆ خولی فوتساڵی کچانی کوردستان بەشداربین، بەڵام تا ئێستا یەکلا نەبوویتەوە و پار ساڵیش یاریزانمان لە خولی نایابی فوتساڵی کچانی کوردستان یاریی بۆ یانەکان کردووە، بەڵام بۆ ئەمساڵ دامانناوە بەم ستافە خۆبەخشەوە بەشداری لە خولی یانەکانی کوردستان بکەین، ئامانجی ئێمەش پێشخستنی بواری وەرزشیی کچانە بەگشتی و تۆپی پێی بەتایبەتی لە سنوری قەزای رانیە.»



## ـــــەرەبی بۆخولی کوردستان دەستنیشان کرد

بووە لە هەردووخولی نایابی کوردستان و عێراق لەگەڵ یانەی هەولێر چەندین ئەنجامی بەرچاوی بەدەستهێناوە، کارگێڕیی یانەی هەولێر بڕیاری داوە لە ئایندەیەکی نزیکدا گرێبەست لەگەڵ ژمارەیەك لە یاریزانانی یانەکەی تازە بکاتەوە و پێکهاتەیەکی تۆکمە بۆ دەستپێکی خولی نایابی یانەکانی کوردستان ئامادەبکات و لە رۆژانی داهاتوودا بە ئامادەبوونی ستافی راهێنەری تازەی یانەکە، ئامادەکارییەکانیان بۆ وەرزی نوێی خولەکە دەست پێ بکەن، بێجان ئیبراهیم ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێر رایگەیاند: «ئامانجمان ئەوەیە ئەم وەرزە بتوانین تیپێکی تۆکمە و بەهێز بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان دروست بکەین، چاومان لەوەیە بەم یاریزانە لاوانەی یانەکەمان ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین، ئەوەی لەتواناشمان بێت بۆ یانەکەمان ئەنجامی دەدەین، بۆ ئەوەی بتوانین باشترین ئاست پێشکەش بکەین و ئەنجامەمان شایستە بێت، ئەوەی گرفت بێت لە یانەکە چارەسەری بکەین، ئەگەر هاتە پێشمان، دەمانەوێ یانەی هەولێر ژمارەیەکی گەورە بێت لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، وەکو هەموو یانەکانیش چاومان لە ئەنجام دەبێت و بڕوای تەواومان بە یاریزانانی یانەکەمان هەیە، کە بتوانن لە خولی نایابی کوردستان ناوی یانەی هەولێر بە گەورەیی بهێڵینەوە.»